# بانگەوازێك بۆ كوردەكانی باشوری كوردستان

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراقی کە زۆربەیان (بگرە گشتیان کوردن) ، بانگەوازێکی بە زمانێکی شێواوی کوردی بۆ عێراقییەکانی ئەوروپا! دەرکردووە، تێدا داوای لێکردوون کە بە نیازە لە ڕۆژی (٢٠٠٣/٢/١٥) دا خۆپیشاندانێک دژی هێرشی چاوەڕوانکراوی ئەمەریکا بۆ سەر ڕژێمی سەددام ڕێک بخات. ئەم حیزبە وەک ئیهانەکردن بە کوردی ئەنفالکراو و ستەمدیدەی کوردستانی باشوور، بە زۆری زۆردارەکی بێ ئەوەی هیچ ڕێزێک بۆ مافی تاکەکەس (لە خواست و ئارەزووەکانیان) ، دابنێن، وەک لە بانگەوازەکەیاندا نیشانیانداوە، هەموو کوردێکی ئەو بەشەیان بە عێراقی لە قەڵەمداوە، لە کاتێکدا هیچ کەسێکی پەنابەر و دەربەدەری تر شانازی بە عێراقیبوونیەوە ناکات. ئەو حیزبە دەیانەوێت بەدوای خۆیاندا کۆرەکوردێک بخەنەڕێ و وەک عێراقی کێشیان بکەن، بۆ مەبەستێک کە خواستی هەمووان نییە، جگە لەوە بانگەوازێک بە ناوی عێراقییەوە دەردەکەن تاکوتەرا نەبێت هیچ عەرەبێکی عێراقیی، تورکمان، ئاشوری لەگەڵیاندا نین و ئیعترافیشیان پێنەکردوون. ئێمەی کۆمەڵێ لە کوردی هاندەرانیش، کە لە دەرەوەی ڕێکخستن و ئایدیایەکی حیزبییەوە کۆبووینەتەوە، ئەم بانگەوازەی خۆمان ڕایدەگەیەنین: (<u>بە هیچ شێوەیەک ڕازی نیین، حیزب و گروپ و هەر دەستەیەکی عێراقچی ناسنامەی کوردی خۆمانمان لێبسەندنەوە و بۆ مەرامی خۆیان. وەک گەلەمەر بەڕێمان بکەن. . ئێمەی کورد: خاوەنی مێژوو. . خاک، کەلتور و دەنگی خۆمانیین هاوبەشی هیچ بانگەواز ناکەین و بەهانای دەنگێکی غەیرە کوردییەوە ناچین</u>) . با ئەو حیزبە کۆمۆنیستە عێراقیانە بانگەوازەکەیان بە عەرەبی بۆ عەرەبەکان دەربکەن و ئێمەی کوردی تیا وەلانێن!. با بانگەوازەکانیان لە قەوارەی ڕێکخستن و بڵاوکراوەکانی خۆیاندا بن!. ئێمەی کورد فەرامۆش بکەن.

دوا لەو ماڵپەڕە کوردییانەش دەکەین: ئەگەر کەرامەتی بریندارنەکردنی ئینسانی کوردیان بەلاوە مەبەستە و دژی تەعریب و ناسنامەسڕینەوە. . و دۆستی خاک، مێژوو، کەلتور، زمانی کوردین با هێندەی تر بەو بڵاوکراوانە میللەتەکەمان زامدارتر ژێردەستە نەکرێن، بزانن چ شتێک بۆ بڵاوکردنەوە و بەرژەوەندی کورد دەشێت، نەک هەموو بابەتێک بە دەستنووس و گراماتیکێکی ناتەواوەوە فڕێبدەنە ناو ماڵپەڕەکانیانەوە. چونکە زمانێکی پاراویش ناسنامەیەکی ڕاستەقینەی میللەتە.

دیسان لەم بانگەوازەماندا داوا لەو کوردانەش دەکەین ئەوانەی ناسنامەی کوردستانیبوونی خۆیان بە ڕەواتر دەزانن، کە شانبەشانی حیزبە عێراقییەکان خۆپیشاندانێک ڕێکنەخەن و هەڵوێستیان لەگەڵیاندا هاوتا ڕانەگرن. هەر گروپێکی کوردی گەر بەنیازە خۆپیشاندانێک ڕێکبخات! با بە ناسنامەیەکی کوردییانەوە خۆی کوبکاتەوە و. . . داخوازێکانیان بخەنەڕوو.

***ئیمزا***

***دەستەیەک لە کوردی باشوری کوردستان / دەربەدەربووی سوید و ئەڵمانیا و هۆڵەندا***

**٢٠٠٣/٢/٨**

<u>وێنەیەک لەم بانگەوازە بۆ:</u>

حیزب و پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان.

ڕۆژنامە کوردییەکان

ڕادیۆ و کەناڵە هەمەجۆرە کوردییەکان

سایتە کوردییەکان

دۆست و دڵسۆزانی کورد

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣